**بۆ یادی سەدساڵەی چین و پارتە کۆمۆنیستەکەی**

هەڵۆ بەرزنجەیی ٢٠٢١/٧/٧




لە میدیای کوردی و عەرەبی و ئەڵمانی دا « کوردستانی نوێ ،خەبات، شرق الاوسط، دێر تاگە شپیگل و دێر شپیگل» دا چەند بابەتێکی جۆراوجۆرم لەسەر ئەم بابەتە خوێندەوە... بە وتارەکەی قونسوڵی گشتی چین لە هەولێریشەوە.... بەتایبەت وتارە کوردییەکان بێ لەزەت و بێ ناوەڕۆک و هەر هەموو لە ستایش و پێداهەڵدان و نیشاندانی ڕووە کەم جوانەکەی چین و باسێکی ڕۆژنامەوانی بەولاوە هیچی تر نەبوون.. واتە کۆمەڵێ وشەی بێ ناوەڕۆک.

لە وتاری جەنابی قونسوڵ دا هاتووە : چین هەڵگری دروشمی ئاشتییە! باوەڕی بە ٥ بنەمای پێکەوە ژیان هەیە! ئەوانیش بەکورتوکرمانجی بریتی لە : ڕێزی هاوبەشی بۆ سەروەری دەوڵەتەکان! دەستدرێژی نەکردنە سەر یەکتر! دەست تێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی یەکتردا و ... چین سۆسیالیزم بەتایبەتمەندی« چین» بیەوە پێڕەو دەکات!..

ئەوەی جێی پێکەنینە باسیشی لەوە کردووە چین دیموکراتییە..!! کەچی لە وتاری یۆبلیۆمدا سەرۆک Xi pinging دەڵێ : نەتەوەیەکی بەهێز پێویستی بە سوپایەکی بەهێزە»... ئەم دروشمە و هەموو دروشمە بێ یەک و دوو فشە و درۆ و باقوبریقەکانی تر دەسڕێتەوە...

من شەڕم دژی چین ڕانەگەیاندووە، بەڵکو دەمەوێ ئەو بانگاشانە بەدرۆ بخەمەوە و تیشکی ڕاستی بخەمە سەر بابەتەکان وەک خۆیان، نەک لەبەرخاتری خاتران کاری پینەکردن و مکیاجکردنی خەوش و نەنگییەکان بگرمە ئەستۆ.

جارێ هەر لە بنەڕەتەوە پێکەوە ژیان و ئاشتی و دیموکراسی، پێویستی بە دروشمی سوپای بەهێز نییە... پاشان ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع دەیبینین، چین پەیوەندی بە دەوڵەتانەوە هەیە نەک بە گەلانەوە. بۆ

نموونە دەوڵەتی ئێران بە ئاگر و ئاسن دژی نەتەوە بندەستەکان هەڵسوکەوت دەکات،تورکیا بەهەمان میکانیزم و خراپتر کورد دەکوژێ و کوردستان وێران دەکات، کەچی چین باشترین دۆستایەتی و پێوەندی ئابووری و سیاسیی لەتەکیاندا هەیە و هیچ داکۆکییەک لە مافی گەلانی بندەست ناکات، کە بەشێکی گرنگن لە هاوکێشەی ئاشتی و پێکەوە ژیان... بەواتایەکی تر بەرژەوەندی ئابووری و قۆستنەوەی بازاڕ و ڕەنگە کەموزۆر مانۆڕی دژایەتی ئەمەریکاش ناوەڕۆکی هەڵپەکەیان بێت.





هەرگیز نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت، چین لە ناوەوە خۆیشی بەهەمان میکانیزمی زەبروزەنگ و دیکتاتۆرانە دژ بە مافی کەمە نەتەوەییەکان و بەتایبەت کێشەی "تایوان"ە... بە کورتی « خۆی ماڵی لە شوشەیە، بۆیە داوا دەکات کەس بەرد نەگرێتە ماڵی لە شووشە دروست کراو...«.

یۆبیلیۆمە زێرینەکەی ١٠٠ ساڵەی پارتی کۆمەنیست هەر ئەم چرکەساتە نییە، کە سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتن بۆتە ناونیشانی حیزب و دەوڵەتی ناوبراو. سەرەتا دەبێت ئاماژە بدەینە ڕاستییەک، پارتی کۆمۆنیستی چینی دروست بوو بە ئامانجی ڕامالینی هێزە کۆلۆنییەکان لەسەر کۆڵەکەی سنگی وڵاتەکەیان... بەو واتایەی ئەم میللەتە بۆ سوود وەرگرتن لەم بیر و ئایدۆلۆژییە، دەستی گرتووە بە چەمکەکانی ئەم بیرەوە بە پێی بەرژەوەندی خۆی و هەلومەرجی وڵاتەکەی. بەڵێ دەزانی زۆرینەی خەڵک بە قەناعەت یاخود نابەڵانە بەم دۆخە ڕازین، هەر بۆیە حیزبی دەسەڵاتدار نزیکەی ٩٠ - ١٠٠ ملیۆن ئەندامی هەیە. دەزانین ملیۆنەها خەڵک لەسەردەستی ئەم حیزبەدا لە برسێتی و دواکەوتوویی ڕزگاریان بوو.. لێ هاوکات دەشبێ بزانین بەس لە نێوان ١٩٥٨ - ١٩٦١ دا نزیکەی ٦٠ ملیۆن کەسیان کوشتووە خوێناویترین شۆڕشیان بەرپا کردووە بە گەورەترین ژمارەی قوربانییەوە. دەرخستنی ئەم لایەنەی چین لەو باس و وتارانەدا ئاماژەی پێ نەدراوە و دەبوو تیشکیان بخرێتە سەر،چونکە بەشێکی زیندووی مێژووە ڕاستەقینەکەن و گەرەکە هەموو لێی ئاگادار بین.

لە ئێستی "چین"دا لە منداڵیکەوە تا پیرێکی پەککەوتە لە ژێر چاودێریدایە، ڕەنگە تاکە یەک شەقامی پەکین هێندەی شارێکی وەک بەرلین کامێرای چاودێری تێدا دانرا بێت... تاک لەسەر کار و لە ماڵەوە و لەسەر شەقام و نێو پارکەکان چاودێری دەکرێ... تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، تۆڕی پێوە بوونی نەیارانی ڕژێم و دەسەڵاتە و ڕووبەرێکی فراوانی چاودێریی و سیخوڕییی دەوڵەتە بەسەر خەڵکەوە...

بزافە دیموکراسییەکان بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێن... کەمە نەتەوە و کەمینە ئاینییەکان دەچەوسێندرێنەوە ...کێشەی « تایوان» بە نامرۆڤانەترین شێوە ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرێ... کوشتارە بەناوبانگەکەی ١٩٨٩ لەناوەڕاستی شاری پەکین، پەڵەیەکی تری شەرمەزاری سەر هەنییەی ئەو دەوڵەت و حیزب و سەرانی کۆمۆنیستەیە...



مێژووی ئەو حیزبە و ماو، لەبەرئەوەی خوێناوییە، چەند دۆستی هەیە! دە هێندە دوژمنی هەیە!. چەند سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە دەیان قات هێندە خوێنیان ڕشتووە و شەرمەزاریی ناشارستانێتی و نادیموکراسییان تۆمار کردووە.... خۆ نابێت هەر پەندە کوردییەکەی خۆمان" ئەو نانە نانە ئیمڕۆ لە خوانە" پێڕەو بکەین.

ئەو وڵاتە زەبەلاح و بەرینە پیاوێک بەڕێوەی دەبات Xi Jinping ، کە ناوی بۆتە Mao Tse Tuns سەردەم، گەورە و پیرۆز کراوە، وەک ڕیتواڵێکی ئاینی بەڕادەی خوایەک دەپەرستدرێت.. بڕیارە تا لەژیاندا بێت، بە سەرۆکی دەوڵەت بمێنێتەوە. هەرچی دەسەڵات و دەوڵەتە بەدەستییەوەیەتی...کۆمەنیستە و بە سیستەمی سەرمایەداری حوکم دەکات، واتە کاپیتالیزمی مارکسی کردووە بە سۆسیالیزمی جینپینگ... تا بێت پایەکانی دەوڵەت بەهێزتر و مەحکەمتر دەکات، لە کاتێکدا دەبوو پرۆلیتاریا خاوەن دەوڵەت نەبوایە!!!.. نەک هەرگیز وا بیرناکەنەوە، بەڵێ جەستەی مرۆڤ دەکەنە خشتی هەڵچنینی تەلاری دەسەڵات و بەهێزکردنی دەوڵەتەکەیان.



ئەم سەرکردە کۆمنیستانە بە هەزاران پەیکەریان بۆ دروست کراوە، گەشتیاران کاتێ دەچنە چین ، کە لەساڵی ٢٠١٩ دا نزیکەی ٥٢ ملیۆن گەشتیار سەردانی چینی کردووە، دەبرێن بۆ سەیری ئەم پەیکەرانە و مێژووی ئەم سەرکردانەیان بۆ باس دەکرێ... وەزیری دەوەرەی چین دەڵێ: «هەر کەسێ سەردانی وڵاتی پیرۆزی شۆڕش بکات، هیچ کاتێ لەبیری ناچێتەوە، ئێمە لە کوێوە هاتووین...«

چاودێرانی سیاسی بە وردی سەرنج لە هەڵچوون و گەشەی چین دەگرن و چاوەڕوان دەکرێ بێتە زلهێزی یەکەم دوای ئەوەی ئابوورییەکەی جێی بە یابان لەق کردووە لە ڕیزبەندیدا پلە دوو دوای ئەمەریکا داگیر دەکات...

بۆچوونیش هەیە، کەوا چین بەم شێوەیە بۆی مەیسەر نابێت، وەک پرۆڤیسۆر Wa Qiang دەڵێ: «ترس هەیە هەر چرکەساتێک چین لە لوتکەوە بەربێتەوە». ئاخر لە نێو کۆمەڵگەی جیهانیدا چین وەتاق کەوتۆتەوە.. لەگەڵ هەموو دراوسێکانی - کەمێک پاکسانی لێ دەرچێ- خراپترین پەیوەندی هەیە، ئەمەریکا و ئەوروپای لێ دڕندوگن، یاپان نەیارێتی و هندیش ڕکەبەری لەگەڵ دەکات..
چین و دەسەڵاتەکەی بۆ خۆ خۆشەویست کردن و دۆزینەوەی کەناڵ و دەروازەی جۆراوجۆری نزیک بوونەوە لە دەوڵەتان لەم سەردەمی پەتای کۆڕۆنایەدا ڤاکسین دەفرۆشێ بە ٢٧ دەوڵەت و بەشی ٥٠ دەوڵەتیش بە خۆڕایی دەبەخشێتەوە. کە میدیا و چاودێرە ئەوروپاییەکان ئەم سیاسەتەیان ناوناوە دیبلۆماتی کوتان... Impfung Diplomatie / ... هەروەها وەک هەوڵێکی تری چین لە ئێستادا خولی پاڵەوانێتی تۆپێی ئەمەریکای لاتین Copa America بەڕێوە دەچێ، چین سپۆنسەری دەکات، بۆ ئەوەی دەستی بگاتە ئەو کیشوەرەی تەنیشت ئەمەریکا و جێ پێی خۆی لێ قایم بکات... هاوکات، وەرچەرخاوە بۆ کیشوەری ئەفەریقا و دەیەوێ لەوێش بێتە ئاغای سەدەی ٢١ و وەک هەزارپێ پەل بە هەموو لایەک دا بکێشێ... ئەوەی جێی سەرنج و پێکەنینە، هاوکارییەکانی چین هەمووی بە شەرتی چەقۆیە و نابێت هیچ وڵاتێک پەیوەندی بە «تایوان« Taiwan - ەوە هەبێت و پشتیوانی بکات...

لێرەدا چیرۆکێکم وەبیردێتەوە،کاتی خۆی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە تورکیا، داوەتی ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسی کرد بوو بابەتێکیان پێشکەش بکات، بە مەرجی ئەوەی ڕۆژنامەنووسی ناوبراو وشەی کورد و ئەرمەن بە دەمیدا نەیەت و باسیان لێوە نەکات.. کەچی بە تورکیاشیان دەوت وڵاتێکی دیموکراسییە!...

من دەمەوێ تیشک بخمە سەر ئەوەی سیاسی و نووسەر و ڕۆژنامەنووسان چۆن لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا هەڵسوکەوتیان کردووە... چییان لە هەقیقە مێژووییەکە ئەو وڵاتە و شۆڕشەکەیی و ئایدۆلۆژییەکەی زانیوە، چییان بۆ ئێمە ! بزاڤە ڕزگاریخوازەکەمان هێناوەتەوە!!...

باشە گەر مێژوو دەرفەتی بدایە! ئەمانە پێرەوانی ماویزم! بە تەواوی سەرپێ بکەوتنایە و بگەشتنایەتە ئامانج ئێستا دۆخی کورد لە چ وێستگەیەک دەبوو..!. ئەوانیش وەک ماو و ستالین و پۆل پۆتیان بە کورد دەکرد؟!!! ئەمە پرسیار و گومانێکە دەبێت بەدواچوونی جددی بۆ بکرێ.

من لەوە دڵنیام چۆن ئێستا شتی عەمارەپۆمان بۆ دێنن لە پیشەسازی تەقلیدی "چین"ینییەوە، ئەوساش مێژوو و حیکایەتە هەڵبژاردە درۆزنەکانیان بە پێی بەرژەوەندی ئایدۆلۆژی خۆیان بۆ گێڕاوینەتەوە..ئەم ڕەفتارەش بووە مایەی ئەوەی نەهامەتییەکی زۆر بەسەر بزاڤی کوردایەتیدا بهێنن و لەگەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی پەکی بخەن.

چونکە بە دیدی مندا دەبوو جاران هەر باسێک لە مەڕ ماو و شۆڕەشە کولتوورییەکەیی و سەرکەوتنەوەکانییەوە بکرێ، هاوت ئاماژە بە ڕەفتار و کردارەکان، بە کوشتن و بڕین و برسی کردن و ڕاوەدوونان و دیوە ناشرینەکەی شۆڕشەکەوە بکرێ... هەروەک ئێستا کەباسی هەمان وڵات و حیزبە کۆمینستە حاکمەکەی بەرەوپێشچووبەکانی دەکرێ، باس لە نادیموکراسی تا ڕادەیەی مۆدێرنترین دەوڵەتی « دیکتاتۆریی دیگیتالی» و ستەمەکانی لە کەمینەکان بکرێ...

ئەو کات لە کۆنتسێکدا لە کێشان و نەخشکردنی وێنە ڕاستەقینەکەی ئەو دەوڵەت و حیزب و ئایدۆلۆژیا دوور نەدەکەوتینەوە و کەم و زۆر بەرپرسانە هەقیقەت و ماهیەتی دەگوێزرایەوە بۆ خۆێنەران و خودی ئەزموونە گەورەکە دەکەوتە بەردەم سەنگی مەحەکی مێژووەوە...

ئاخر هەر وەک چۆن ئیسلام هەر خودی قسەکانی خوا نییە، وەک لایەنگرەکانی پێمان دەفرۆشنەوە... قەعقاع و خالید و سەقەفی و هەزاران خوێنڕێژی تر بوونەتە پێکهێنەری مێژووەکەیی و "خامەنەیی و ئەردۆغان و قاعیدە و داعش"ەکانیان و سەدانی تریش ئیمڕۆ نوێنەرایەتی هەمان ڕێباز دەکەن. باسە بێ براوەکانیش لەسەر تیۆەری مارکس ، وەک زۆرینەیەک لە ڕۆشنبیرانی کورد خوویان پێوە گرتووە، هەر دەق و چەمکە دۆگماکان نییە، بەڵکو مێژووە خوێناوییەکەی ستالین و ماو و چاوچیسکۆ و کیم ئیل سۆن و سەدانی ترە و دروشمە بریقەدارەکانمان لە کۆگا دا بۆ دەرازێنەوە و مەستی خەیاڵ پڵاوییە خۆشەکەی بەهەشت!! باشتر بڵێم دیکتاتۆریتی پرۆلیتاریاییمان دەکەن.



بە کورتی و کرمانجی: بووک بە ستایشی دایکی جوان و باش نابێت، و ئایدۆلۆژیای ژەهراوی بە شەکر شیرین ناکرێ و دەسەڵاتی ستەمکاریش بە پڕوپاگەندە خۆشەویست ناکرێت و ڕێبازی چەواشەش بە تۆپزی ناسەپێندرێ و هەرگیزیش سەرناگرێ.

کەواتە با لە ئەزموونی ڕاستەقینە و دروستی گەلانی دنیا پەرۆیەک دادڕین و هەرچیمان کرد و هەڵبژارد بۆ خزمەتی واقیعی وڵات و نەتەوەکەمان بێت، نەک لاسایکردنەوەی کوێرانە و بەخۆڕایی قوربانیدان بۆ شتگەلێک کە هیچ پەیوەندی بە جەوهەری کێشەکەمانەوە نەبێت...

ئێمە باش دەزانین و ئاگادارین کەوا مێژووی نووسراو پڕە لە درۆ و داتاشین و هەڵبەستن و ناشیرینکردنی خۆڕایی و شاردنەوەی ڕاستی و جوانی و هەقیقەتەکان و لێوان لێوە لە بێ دادی و ستەمکاری و خوێن ڕشتنی خۆڕایی.!!..

ئیدی بەسە نە درۆمان لەگەڵدا بکەن! نە هەوڵ بدەن تەفرەمان بدەن، نە خۆشتان ڕیسواو و تاوانباری بەردەم خوا و جەماوەر و مێژوو بکەن... ئاخر هەزاران جارمان وت: ناو و نیشان و بانگاشە٤ و دروشمەکان ڕاستی و پێوەر نین، بەڵکو کردار و ئاکام و بەرهەمەکان دروستی هەقیقەتەکان دەسەلمێنن.

هەر هەبن و بمێنن بۆ خزمەتی کوردبوون، کە ڕاستەخۆ خزمەتە بە مرۆڤایەتی بوون..